دادگای باڵای ئەمریکا پڕۆژە یاسایی قەدەغەکردنی پلاتفۆڕمی تیکتۆکی لە وڵاتەکەی پەسەندکرد

دادگای باڵای ئەمریکا، پڕۆژە یاسایی "قەدەغەکردنی پلاتفۆڕمی تیکتۆکی" لە وڵاتەکەی پەسەندکرد، ئەگەر تیکتۆک کڕیارێکی پەسەندکراو بە وەشانی ئەمریکی پلاتفۆڕمەکە نەدۆزێتەوە، ئەوا لە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتووەوە قەدەغەکردنەکەی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها دادگای باڵا بەیانی تێهەڵچوونەوەی ڕەتکردەوە.

دادگای باڵای ئەمریکا، ئەمڕۆ هەینی یاسایی "قەدەغەکردنی پلاتفۆڕمی تیکتۆکی" لە وڵاتەکەی پەسەندکرد و پێویستە تا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو کە دەکاتە 19ی ئەم مانگە کۆمپانیای پایندانس کە خاوەنداری پلاتفۆڕمەکەیە، فەرشنە ئەمریکییەکە بفرۆشێت.

پێشتر کۆمپانیایی بایتدانس کە بنکەی سەرەکی لە وڵاتی چینە، تانەی لە بڕیارەکە دا و ئاماژەی بەوەکرد کە یاساکە پێشێلکردنی پاراستنی ئازادی کەسی زیاتر لە 170 ملیۆن بەکارهێنەری پلاتفۆڕمەکەیە لە ئەمریکا.

بەڵام دادگای باڵا بەیانی تێهەڵچوونەوەی ڕەتکردەوە، واتە ئێستا دەبێت تیکتۆک کڕیارێکی پەسەندکراو بە وەشانی ئەمریکی پلاتفۆڕمەکە بدۆزێتەوە یان ڕووبەڕووی قەدەغەکردن دەبێتەوە.

بەرپرسان و یاسادانەرانی ئەمەریکا، کەمپانیایی بایتدانسیان بەوە تۆمەتبارکردوە کە "پەیوەندی بە حکومەتی چینەوە هەیە" و "نیگەرانییەکانیان لەبارەی ئاسایشی نیشتمانی" لەسەر تیکتەک وروژاندوە.